# کێ لە پشت کوشتنی ( دوعا ) وەیە؟؟؟؟

**ناوەند عەلی**
nawaenwe@yahoo.com

**ماوەیەکە کوشتنی دوعای ئێزیدی بووەتە مایەی گفتوگۆی نێو زوربەی ناوەندەکان ، لێرەو لەوێ باس لە ئیسلام بوونی دوعا دەکرێت کە هۆکاری کوشتنیەتین بەبێ ئەوەی کەمێك لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە .**

**لەچەند شەوی رابردودا مەجلیسی رۆحانی ئێزیدییەکان کۆبویەوە بۆ گفتوگۆ لەو مەسەلەیە ( هەرووەك 3 رۆژ بەر لە شەهیدکردنی دوعا هەمان مەجلیس لە دهۆك کۆدەبێتەوە )؟؟؟**

**هەر لە سەرەتاشەوە لەو باوەرەدا بووم کە ئێزیدییەکان بەبێ پرسی ( میر ) یان ( بابە شێخ ) دەست لەئاو رۆناکەن.**

**دیارە لە کۆبونەوەکەی پێش شەهیدکردنی دوعا مشتو مری زۆر دەبێت بۆ ئەوەی بریار لەو کێشەیە بدرێت ( کە بەلای ئەوانەوە کێشەیە )**

**لەنێو مەجلیسەکەدا گفتووگۆی توند رودەدات لە نێوان ( میر تەحسین ) کە میری ئێزیدییەکانەو هەواداری پارتی دیموکراتی کوردستانەو ( بابا شێخ ) کە پایەداری نێو ئێزیدییەکانەو هەواداری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە ، لەسەر ئەوەی بە چ شێوەیەك شەرەفی لەدەسچووی خۆیان بکرنەوە ( کە پێیان وایە شەرەف لە ناوگەلی ژندایە ).**

**لەم کۆبونەوەیەدا زۆر شت باسکرابوو ، لەوێدا تیمێك وەك تیمی تۆڵەسەندنەوە دروست دەکرێت و ( حەمۆ کونجی ) ناوێك دەکرێتە بەرپرسی و ئەو ناوەش پێشتر جاش بووە دواتر لە ریزەکانی پارتیدا خۆی مەلاس داوە .**

**حەمۆ پەیوەند بە کۆمەلێك گە نجەوە دەکات بۆ ئەوەی لەگەلێدا بن و پە یمانیان دەداتێ کە لەبەرامبەر هەر چالاکییەکدا 400$ وەربگرن و ئەگەر کوشتنی تێدا بوو ئەوا :**

1- **600$ وەردەگرن.**
2- **میر داکۆکییان لێدەکات و پشتیوانیان دەبێت.**
3- **ئەگەر بیانەوێت دا بمەزرێن ئەوا ( عیدۆ بابە شێخ و دکتۆر دەخیل سەعید ) کار ئاسانیان بۆ دەکەن.**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ئەمەم چۆن زانی؟؟؟؟

کەسێکی نزیك لەنێو ئێزیدییەکاندا کە پاسەوانی یەکێك لە بەرپرسە ئێزیدییەکانە ئەمەی بۆ باسکردم ، هەر لەو کاتەدا کەسێك بەناوی ( ح . س ) بە موبایلێکی ئاسیا تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای کرد کە ئەگەر گوێی لێبگرم هەندێك راستی کوشتنی ( دوعا ) باس بکات و گوتیشی وێنەی سەر مۆبایلەکان کە بلاو بویەوە من تۆمارم کردووە .

ئەوەشی گوت کە ئەو کاتێك زانراوە کە تۆماری رووداوەکەی لایە خزمێکی ( د. دخیل ) بە بلوتوس لێی وەردەگرێت و بلاوی دەکاتەوە.

( ح .س ) گوتی : من بۆ ئەوەی درندایەتی خزمەکانم نیشان بدەم ئەم کارەم کرد بەلام نەمزانی ئەوانەی کە لە منیان وەرگرت بۆ ئەوەیانە بلاوی بکەنەوە بۆ ئەوی ( کچانی تر چاوترسێن بکەن ).

ئەوەی من ئاگادارم ئەم کارە شەو لەمالی دکتۆر دەخیل و لەرێگەی کورەکەیەوە کە گۆڤارێك دەردەکات بە کۆمپیوتەری مالەوە کراوەتە ( سی دی ) و بە پەلە نێردراوەتە دەرەوەش .

( ح .س ) گوتی : من چاوەرێی ئاکامی لێکۆلینەوەم و دواتر گشت زانیارییەکان بلاو دەکەمەوە ، ئامادەیشی نیشاندا دیمانەی لەگەل بککە بەمەرجێ وێنەی لێنەدەم و ناویشی بە تەواوی بلاو نەکەمەوە .

## د. دەخیل و فەرمانی کوشتنی دووعا بۆ؟؟؟؟؟؟

دیارە ئەمرۆ مەرجەعی ئێزیدییەکان لەدەست میرو بابەشێخدایە و ئەوانیش لەدەست پارتی و یەکێتیدان و ئەو دوو کەسەش تەنیا بریاردەرن ( کە لەناو خۆیاندا زۆر ناکۆکن ) و لەم نێوەندەدا دکتۆر دەخیل کە وەزیری هەرێمە بۆکاروباری ئێزیدییەکان لەسەر لیستی پدك و ئەم کابرایە کۆمەلێك شتی سەیری هەیە کە لێرەدا باسی دەکەین:

1/ ئەم دکتۆرە نەخۆشە رۆژگاری بەعس بەعسییەکی مومتاز بووە لە هاوکاریدا بە ئەرشیف ماوەتەوە کە وەك دکتۆرێکی ئێزیدی بروسکە بۆ سەدام لێدەدات لە یادی لەدایك بوونیدا و بە پارێزەری شەرەفی عێراقی دەزانێت کە عێراق دەپارێزێت!!!

دکتۆر دەخیل چونکە لەنێو کایە ئاینییەکاندا گرنگی پێنادرێت بۆیە هەول دەدات بە پێی پۆستەکەی کە وەزیری هەرێمە چل و ئەوەندە وەزیرەکەیە ، پێگە بۆخۆی دروست بکات



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەرامبەر عیدۆ بابە شێخدا کە راوێژکاری تاڵەبانییە ٍ ئەمیش دەیەوێت بگاتە بارزانی بۆ هەمان کارو مەبەست.
لە کۆبونەوەکەی دهۆکدا کە مەڵبەندو لق کێشمەکێشیان لەسەر هەبوو بۆ چەسپاندنی بیرو بۆچونەکانی خۆیان ، لێرەدا دەخیلی دکتۆر کەلەوەزارەتەکانیشدا نەخۆشەکان دەبینێت ( بەو پێیەی هەر ماوەیەك لە وەزارەتێکە لە خەڵکی وەزارەتەکانم بیستووە ) جەنابی دکتۆرلەوێدا پێگیری دەکات کە دوعا بکوژرێت بۆ ئەوەی ببێتە عیبرت!!!
و یەکێك لەو بکوژانە ئیستە لەلای پاسەوانەکانی دەخیلی وەزیر پارێزراوەو یەکێکی تریشیان لە عەیادەکەی جەنابی دکتۆر دەخیلدایە.
بەلای منەوە ئەوە گرنگە کە ئەگەر وابێت شەرم لە کورد بوونی خۆمان و رەسەن بوونی ئێزیدییەکان بکەین.
ئەمە کورتەیەکی ئەو زانیارییانەیە کە بەردەست کەوتون

تکایە رەئیتان؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com